کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-8-2007 0:55

## هاوڕێ قادرو بەرپرسانی کورد لە کەرکوک... بژار حەکیم

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئیدارەی شاری کەرکوک کەوتە ژێردەسەڵاتی کوردی وپارتی ویەکێتی وەك دووحیزبی گەورەی کورد ئیدارەی ئەوشارەیان هەرزوو خستە ژێرچەنگی خۆیان. لەساڵی (2003) ەوە، واتە نزیکەی چوارساڵە (کەرکوك) پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاوئەندامانی ئەنجومەن وسەرۆکی قەزاو ناحیەکان و بەرێوەبەری پۆلیس وئاسایش و زۆرترین بەرێوەبەری فەرمانگەکانی ناوشاری کەرکوك کورد بەرێوەی دە بات، واتە کەرکوك لەروی عەمەلییەوە کورد ئیدارەی دەکات بەڵام بە یاسایی و دەستوری نەکراوە کە دەبێت بە یاسایی و دەستوری بکرێت، جگە لە رووی ئەدائی سیاسی کە مەڵبەندو لق هەرلەسەرەتاوە پشکی شێریان بەرکەوت لەشارەکە، بەڵام دەرەنجام ئەوە رون بۆوە کە بەرپرسانی کورد لەکەرکوك نەیانتوانی هیچ بکەن جگە لەدژایەتی کردنی یەکتری کەبەشێوەیەك پەرەی سەندوە هەرماشاڵڵای دەوێت!



حاڵی ئێستای کەرکوك پێویستی بەلێك حاڵیبون هەیە لەنێوان نەتەوەکانی نێوکەرکوکدا، لەهەمان کاتیشدا کورد لە وشارە زۆرترین ناحەزو دوژمنی کەلەگای هەیە، کەچی ماڵوێرانی کورد لەوەدایە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك قسەی لەگەڵ پارێزگارنیە!ئەندامە کوردە کانی ئەنجومەن لەبەرپارتی بون ویەکێتی بەردەوام دژایەتی یەکتری دەکەن، شەڕە پەڕۆی سەوز و زەردیش کارەساتێکی ترە لەبەرامبەریەکتری و بەتایبەتی لایەنە ناحەزەکانیتر. ماددەی (140) یش کەمەسەلەیەکی گرنگی ئەوشارەیە ئەوە بەرپرسانی کورد لە کەرکوك خۆیان کوشتویانە وئیفلیجیان کردوە. جاری بەرلەهەرشتێك دانانی کاك قادرعەزیز وەك نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆماددەی 140 خۆی لەخۆیدا تاوانێکی گەورەیە، ئەویش نەك لەبەرئەوەی خوانەخواستە کاك قادر توانای ئەوکارەی نەبێت بەڵکوهاوڕێ قادر ناتوانێت لەکەرکوك لەبەرامبەرئەوبەرپرسە کەلە گایانەی پارتی ویەکێتی بوەستێتەوە کە وەك کەلەگا بەسەرشارەکەوە وەستاون، ئەوەندەی ئەو دووحیزبە دژایەتی هاوڕێ قادریان کردوە مەگەر هەر خۆی بیزانێت، کاتێك نوێنەری سەرۆکی هەرێم لەکەرکوك لەسەر مەسەلەی ماددەی 140 کۆڕێکی بۆمەڵبەند دەگێڕا لقی پارتی هاواری لێهەڵدەستاو خەڵکی هاندەدا بۆئەوەی کۆڕەکە لەبارببەن!

وە بەپێچەوانەوەش، لەوەش سەیرتر لەسەریەکێك لەپردەکانی کەرکوك یەکێتی لەتە دیوارێکی سەوز کردوەو پارتیش چەندین ئاڵای زەردی بۆئیسفزازکردنی یەکێتی هەڵواسیوە ئاڵای کوردستانیش من وتۆ دوجار مەرحەبا!سەرەرای ئەوانەش پارتی دەڵی پارێزگاری کەرکوك یەکێتیە ئەوانیش هەمان شێوە، ئای لەونەگبەتیەی کە جەنابی پارێزگارتێیکەوتوە، هەرئەوە ماوە ماوەیەکی تر بە لایەنگری جەپهە ناوی ببەن!

بەرپرسانی کورد لەکەرکوك لەوماوەیەدا بەدەیان هەڵیان بۆڕێککەوتوە کەکارلەسەرکەرکوك بکەن بەڵام نەیانزانیوە ئەوهەلانا بقۆزنەوە، ئیترئەوە کارو بیرکردنەوەی بەرپرسانی کورد بێت لەوشارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:55 31-8-2007

کەرکوك (فت) !بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەرچەندە خۆشیان ئاگاداری وەزعی شارەکەنین بەڵام دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە کاتی ئەوە هاتوە هەم بیرلەدامەزراندنی یەکێك بکەنەوە لەشوێنی هاوڕێ قادرعەزیز بۆمەسەلەی ماددەی 140 وەهەم ئاگاداری بەرپرسانی کورد بن لەروی ئیداری وحیزبی ئەگینا کەرکوك بەماددەی 140 ەو (بەی بای) بایکۆتیمان دەکات!!ئەوماوەیەش کە کاك قادرعەزیز بەکارەکانی 140 هەڵستا ئەوە جێی ڕێزوپێزانینە، کاتی ئەوەش هاتوە کە هاوڕێ قادر پشویەك بدات ویەکێکی ترئەوکارەبکات چونکێکم کەرکوك شاروخاکی هەمووانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.